عەلی فەتاح دزەیی
ـ محامي ـ

# هونەرەکانی بەلاغەت لە مەم و زینی ئەحمەدی خانیدا[1]

بەلاغەت ، لەلای یۆنانییەکانەوە مانای ئەوە بـووە کە (قسە) بە گوێرەی دەقی هۆش و بیری گوێگرەوە بێت ؛ بۆیێکە هەر جێگاو شوێنێك جۆرە قسەیەکی لێ دەوەشێتەوە[2] .

(ئەرستۆ) ی مەزن ، لە کتێبەکانی شیعر (پۆیتیکا) و خیتـابە (ریتۆریکا) یدا ، بەتایبەتیش لەمەی دوایییاندا ، بەدرێژی لە بابەتەکانی جۆراو جۆری هونەرەکـانی بەلاغـەتەوە دوواوەو باسی (مەجازو تەشبیهو ئیستیعارەو کینایەو ئیتنـابو ئیجازو فـەسل و وەسـل و موبـالەغەو جینـاس و سـەجـع و تیبـاق و گێرانەوەی عەجز بۆ سەر سەدری کردووە[3] .

لەسەردەمی (عەباسی) یەکاندا . ئەم دووکتێبانەی ئەرستـۆو گەلێکی تر لە زمانی یۆنانی و لەهەندێ زمانەکانی رۆژهەڵاتەوە کرابوون بە عەرەبی .

زانایەکانی ئەم زمانە (واتا زمانی عەرەبی) ، لەم سەرچاوانەوە سوودیان بینیوەو باسەکانی نەزەری و دەستوورەکانی زانیاری بەلاغەتیان لەمانەوە وەرگرتووەو ، سەر لە نوێ پەروەردەیان کردووەو کردوویانە بەزانیارییێکی ئێجگار فراوان و تەواو . لەبەر ئـەوەی کە بـەلاغەتی عـەرەبیش کارێکی زۆری لەزمـان و لە ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانی ئیسلامی کردووە ، پێویستی بە باسکردنێکی کورتەوەهەیە .

مـانای (بـەلاغەت) لە زمـانی عەرەبیشـدا ، هەمـان واتـای بـەلاغـەتی یـۆنـانییـەکـانی هـەیـە وەك لەپێشـەوەدا باسمان کردووە . بەڵام لەزمانی عەرەبیدا زاراوی (بەلاغەت) بۆ ناساندنی (قسـە) و(قسەکـەر) بەکـاردەهێندرێت کـەچی ووشـەی (فەسـاحەت) بـۆ ناسـاندنی (ووشـە) و (قسـە) و (قسەکەر) بەکاردێت و ماناکەی لەمانای بەلاغەت فراوانترە[4] .

بـەلاغەتی عـەرەبی لە سێ بـەشی (مـەعـانی) و (بـەیـان) و (بەدیع) ەوە پێکهاتووەو هەر بەشێك لەمانەش بەزانیـارییێکی سەربەخۆ دەژمێردرێت .

**١ – زانیاری مەعانی :**

**باسی ئەو دەستـوورانە دەکـات ، کە بـەهۆیـانەوە . قسـەی عـەرەبی چۆن هـەم بەگـوێرەی مـەبەستی قسـەکەرو هـەم بەگوێرەی حالی گوێگرەوە دەبێت . هەروەها باسی چۆنیـەتی ی رێکخستن و دەربڕینی مانای ووشان لەرستەیەکدا دەکا[5] .**

زانیاری مەعانی لە زۆر باس و لقانەوە پێکهاتووە . هەندێکیان پێوەندییان بەبنچینەو دەستوورەکـانی زمانی عـەرەبییەوە هەیەو تایبەتیی ئەم زمانەن ؛ هەندێکشیان باسی گشتین و لە هەموو زمانێکدا وێنەیان هەیە وەك (فەرمانی مەجازی و نەهی کردنی مەجازی و پسیار کردنی مەجازی و خەبەری مەجازی و قەسر کردن و ئیجازو ئیتناب و موساوات و فەسل و وەسل .

### 2 – زانیاری بەیان

ئەم زانیاری‌یەش باسی ئەو هونەرانە دەکا کە قسەکەر ، بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی دەبێ بەکاریان بهێنێ بۆ ئەوەی بەسووك‌و ئاسانی گوێگرەکەی لەمەبەست‌و واتای قسەکانی خۆی حالی بکات . هەر دەستە گوێگرێکیش (بەپێی پلەی خوێندەواری‌و هەوالی تایبەتیان) بە هۆی بابەتە هونەرێك حالی دەکرێن . هونەرەکانیش ئەمانەن : (تەشبیە ، مەجاز ، ئیستعارە ، کینایە) . هەریەکیش لەمانە چەند لقێکی لێ‌دەبێتەوە .

(عبدالقاهر الجرجانی) کە لە سالی (471 کۆچی) دا مردووە ، بەدانەری دەستوورەکانی هەردوو زانیاری‌یەکانی (مەعانی) و (بەیان) ەوە دەناسرێت . هەتاکو ئێستاکەش ، کتێبەکانی (دلائل الاعجاز) و (اسرار البلاغة) ی ئەم زانایە سەرچاوەی ئەم دوو زانیاری‌یەن . لەدووای ئەمیش ، (جار الله زمخشري) لە تەفسیری (الکشاف) یداو (یوسف السکاکی) لەکتێبی (مفتاح العلوم) یدا بۆ یەکجاری دەستوورەکانی ئەم هەردوو لقەی بەلاغەتیان دارشتووە[6] .

### 3 – زانیاری بەدیع :

ئەم زانیاری‌یە لەبارەی چونیەتی‌ی رازاندنەوەو ئارایش کردنی ووشەو قسانەوەیەو لەگەلێك جۆرە ووردەکاری پێکهاتووە دەکرێن بەدوو بەش :

**یەکەم** : ووردەکاری‌یەکانی مەعنەوی کە ئەمانەن (تەورییە ، تیباق ، موقابەلە ، موراعاتی نەزیر ، لەففو نەشر ، کۆکردنەوە ، جوداکردنەوە ، کۆکردنەوەو جوداکردنەوە ، دابەش‌کردن ، کۆکردنەوەو دابەش‌کردن ، موبالەغە ، ئاوردانەوە ، حوسنی‌تەعلیل ، مەدح‌کردن لە شێوەی تانە لێداندا ، تانەلێدان لەشێوەی مەدح‌کردندا ، تەردوعەکس ، خۆ لێ‌نەناسکردن .

**دووەم** : ووردەکاری‌یەکانی لەفزی (المحسنات اللفظية) : کە ئەمانەن (جیناس ، سەجەع ، تەسحیف ، تەرسیع ، قافیەی توند ، گێڕانەوەی میسراعی دووەم بۆسەر میسراعی یێکەم ، تەسمیت ، هەلگێڕانەوە ، جووت‌قافیە ، تەلمیع ، ئیشارەتدان ، سەربەندی جووان دووابەندی جووان .

(عبدالله ابن المعتز العباسی) و (قدامة إبن جعفر الکاتب) و (ابی هلال العسکری) . بەدانەری ئەم زانیاری‌یە دەناسرێن[7] .

زمانی فارسیش ، کە لە سەدەی دووەمی کۆچی بەدوواوە ، لە شێوەی تازەیدا ژیایەوەو ، سەر لەنوێ بوەوە بەزمانێکی ئەدەبی ، هەم لەسەرچاوەکانی کۆنی پەهلەوی‌و هەم لەسەرچاوەکانی زمانی عەرەبی‌یەوە دەستوورو بابەتەکانی زانیاری بەلاغەتی وەرگرتوەتەوە . (فەرۆخی‌و بەهرامی‌و سەرخەسي ) کە لەسەدەی چووارەمی کۆچیدا ژیاون‌و هاوچەرخی (فیردەوسی) بوون ، بەدامەزرێنەری بناغەی بەلاغەتی زمانی فارسی دەژمێردرێن .

دووای ئەمان ، (رشید الدین وطواط) کە لە (1182ز) مردووە ، کتێبی (حدائق السحر في دقائق الشعر) ی بەفارسی داناوەو ، (شەمس قەیسی شیرازی ـ 1218 ز ـمردووە) کتێبی (المعجم في معایير اشعار العجم) ی داناوە ، ئەم دووکتێبانەش ، کۆنترین سەرچاوەی زانیاری بەلاغەتن لەزمانی فارسیدا ، کە بەدەستەوە ماون[7] . (قیوامی گەنجەوی) کە لەسەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە قەسیدەیەکی سەدبەیتی‌ی لەژێر ناوی (بدایع الأسحار في صنایع الأشعار) ەوە رێکخستووەو ، تیایدا ، هەموو هونەرەکان‌و ووردەکاری‌یەکانی زانیاری بەلاغەتی بەکارهێناوە . رۆژهەلاتناسی بەناوبانگ (ئەدوارد گرانفیل براون) ، لە لێکدانەوەی ئەم هەلبەستەدا هەموو جۆرە ووردەکاری‌یەکانی دیاری کردووەو بەرامبەر بە بەشێکی زۆریانەوەش ، نموونەی شیعری ئینگلیزی‌و لاتینی‌ی هێناوەتەوە[8] .

ئەگەرچی هیچ سەرچاوەیەك‌و هیچ باسێکی نەزەری‌ی کۆنی کوردی لەبارەی زانیاری‌و هونەرەکانی بەلاغەتی زمانی کوردي‌یەوە نیە ، ئەمە مانای ئەوە نادات . کە زمانەکەمان ، لەسەردەمانی کۆنیدا ، لەم هونەرانە بێ‌بەش‌بووە . بەلکو هەر

زمـانێك هـەرچەنـدە ساواو دوواکـەوتـووش بێ . دیسـان ، لەبەشێکی زۆری هونەرەکانی بەلاغەتەوە بێبەش نابێ ، با ، بۆ بەکارهێنانی ئەم بابەتە هونەرانە هیچ دەستوورو ڕێبازێکی تۆمار نەکردبێت . بێگومان ، شاعیرە کۆنەکانی کورد ، کە بەشی هـەرە زۆریـان (مـەلا) بـوون ، شـارەزاییـەکی تـەواویـان لەزانیاریەکانی بەلاغەتی عارەبیدا هەبـووەو ، هەنـدێکیان مامۆستای ئەم زانیاری‌یانەبوون . جگە لەمەش ، لەبەر ئەوەی کە زمانی فارسی پایەیێکی بەرزی ئەدەبی ی هەبووە لە هەموو وولاتەکانی ئیسلامی ی ڕۆژهەلاتداو ، بەهۆی هەندی ئاکاری تایبەتی ی هەردوو زمانـەکانـەوە ، شاعیـرانی کورد ، وەکـو شاعیرانی نـەتەوەکـانی دیکەی ئیسـلامی ، لەبەکـارهێنانی هونەرەکـانی بەلاغـەتدا ، پـێرەوی ی شاعیـرانی فارسی یـان کردووەو سوودێکی زۆریان لە شیعری ئەوانەوە وەرگرتووە .

(مەلای جەزیری) ئەوەندە خەریکی ووردەکـاری ی بەدیعی و وەستـاکاری ی ووشـان نەبـووە . لەجیاتی ئـەم لایەنـانـە ، لەمەیدانی هونەری قافیەبازیدا ئەسپی خۆی تاوداوەو شۆڕە سـوارێکی بێهاوتـابووە . بـابەتـە شیعری (تـەرجیع‌بـەندو تـەرکیب‌بەنـدو موسـەممەت و مـووەشەح) دەستنیـژی ئەم شاعیرەگەورەیەن لە شیعری کوردیداو ، هەمیشە وێنەیان بۆ نابێ .

بەپێچەوانـەی ئەمـە ، (ئەحمـەدی‌خانی) ، سـەرتا سـەری شیعـرەکـانی مـەم‌وزینی بـەهـونـەرەکـانی بـەلاغـەت و ووردەکاری‌یەکانی بەدیعی‌یەوە ڕازاندۆتەوەو ، دەڵێی هەر بۆ ئەم مەبەستە مەم‌وزینی هۆناندۆتەوە . بەلام ، خوداکردان ، شـاعیرێکی ئـەوەنـدەجیسن و هـونـەرمـەنـدێکی ئـەوەنـدە دەسـەلاتـدار بـووە ، مـاوەی نـەداوە کـە ئـەوهـەمـوو بەلاغەت‌کاری‌یە زیان بە ناوەرۆکی داستانەکەی بگەیەنێت . ئەم سەرکەوتنی هونەری‌یە بەرزەش کە دەربڕینی جووانترین مانایە لە جووانترین قالب و شێوەدا ، لە دووای (خانی) ، هەر لەتووانایی (نالی) دا بووە .

ئیتر کە لێرەوە بەدوواوە ، هەندێ نموونەی ووردەکاری‌یەکانی بەلاغەت لە (مەم‌وزین) دا ، دەستنیشان دەکـەم ، نالێم کـە حـەقی خۆیم داوەتێ و هـەمـوو گـەوهـەرێکم لەم کـانـە پـر لەساماناندا دەرهێناوە . بێگومان ئەم ئەرکـە گرانـە پێویستی بەلێکولینەوەیەکی گەلێك لەمـە فراوانتـرو قوولتـري هەیـە . هەروەها ، ڕامان و زەوقی شەخسی ی خۆم ، کارێکی تەواویان هەبووە لە هەلبژاردنی ئەو بەیتە شیعرانەی کە بە نموونـەی هونەرەکانم داناون و دەشێت خوێنەرانی مەم و زینی پێوەرازی نەبن و خۆیان نموونەی چاکتری تیادا دەستبژێربکەن :

**بـەشي یـەکـەم : لەووردەکـاری‌یـەکـانـی زانـیـاری مەعانی‌یەوە :**

1 — هەوال و فەرمان و پسیار کردنی مەجازی :

مەبەستی قسەکەر یان ڕاگەیاندنی هەوالێکە بەگوێگرەکەیەوە ، یا فەرمانێکی پێدەدات ، یـاخود پسیـارێکی لێ دەکات . بـەم بـابەتـە قسانـە دەگوتـرێ (هـەوال و فـەرمـان و پسیـار) ی بەراستی . گەرهات و بابـەتەکـانی ناوبـراوی (قسە) مـانای ڕاستی‌یـان نەبـەخشي ئەوا (هـەوال و فەرمـان و پسیاری) ی (مەجازی) ی پێ‌دەلێن و بۆ ئەم مەبەستانە دەبن :

**أ ـ بەخووە نازین : کە هەوالێکی مەجازی‌یە : وەك :**

من دێ عەلەما کەلامی مەوزوون
عالی بکرا ل بانی گەردوون

بیناڤە روحا ملی ی جزیری
پی حەی بکرا عەلی حەریری

کەیفەك وەبدا فەقیهی تەیران
حەتتا ب ئەبەد بمایە حەیران

**ب : ئامۆژگاری (نەسیحەت) ، کە فەرمانێکی مەجازی‌یە :**

مالێ مەحوبین توو ئەی نکۆ نام
حوببا وی د کەت مروڤ بەد نام

**(جـ) پاڕانەوە (سکالا) : کە فەرمانێکی مەجازی‌یە :**

خانی کو نەهن ب قەلبی ذاکر
باری بدەوی زوبانی شاکر

**(د) سەرسامی : کە پسیاری مەجازی‌یە : وەك :**

میرگۆ ، مەکرن خەیالی باطل

ئەو بێهشە ئەز نەبوومە قاتل

زینێ د کوژم مەگەر ب عەمدا !!
طووبایە د جەننەتی حەرەمدا !!

یا :
گۆتن عەجەب ئەڤ کچێد کینە !؟
یان هەر دوو مەلا تکێد خودینە !؟

سەروێد چ جۆیە بارەکینە !؟
مورغێد چ مێرغوزارەکینە !؟

٢ – کورت کردنەوە (ئیجاز) .
ئەوەیە کە مانایێکی زۆر لەچەند ووشەیەکی کەمدا دەربرێت وەك :

میرن هەنە عاقلن عەزیزن
لێ سادە دلن دبێ تەمێزن

وان ، دلگوهە ، گوڵب دل ڤەنینە
ڕەش چاڤن و مەردمەك سپینە

مانای بەیتی دووەم پوختەی هەوالی میرەکانی کوردستانی ئەو سەردەم دەبەخشێت و ئەوەندە قووڵ و فراوانە هەر ئەوەتە جێگای لە قالبی ووشەکاندا دەبێتەوە .
یا :
ئەو موژدە وەکی مەگۆتی گۆتن
ئەو سۆتی وەکی نەسۆتی سۆتن
خانی بۆ ئەوەی سەربردەو رووداوەکانی چیرۆك دووبارە نەکاتەوە بەم جۆرە باس لەکاری ئەوموژدەیە دەکات کە (حەیزە بوون) بۆ (مەم و تاجدین) ی بردووە .

٣ – درێژە پێدان (ئیتناب = اطناب) :
پێچەوانەی ئیجازەو ئەوەیە کە مانایێکی کەم ، بەهۆی گەلێك ووشانەوە دەربرێت . شاعیرەکەمان لە دەربرین و روون کردنەوەی بیرو باوەری ئایینی و فەلسەفیدا هەمیشە ئەم هونەرەی بەکارهێناوە ، وەك ئەو میسالەی کە لەبارەی (بەکر) ی هێناوەتەوەو دەیەوێ ئەوە بچەسپێنی کە چاکەو خراپە ئەزەلین و ئەو کەسەی لەئەزەلدا سروشتی بەخراپی دروستکراوە ، هەرگیز نابێ بەمرۆڤێکی چاك سروشت :

خەلقێ کو بەئەسلی بەدسروشتن
ئەو ئەسل ژوان قە تێتە شوشتن !؟

چل سالی تو حەنزەلی بچینی
سەد ئاڤی بدەی ب هەنگفینی

پەروەردە بکی ب ئافتابی
هەردەم برەشینی لێ ی گولابی

هەر رۆژ رەهاوی لێ بکەرکەی
وێ فاسیلەیێ تژی شەکەرکەی

خزمەت بکری تو هیندە وانە
ئەو بۆ تە دبێتە هیندووانە !؟[18]

دافکری نەکی دەماکو بەردەت
ئەو غەیری ژ تەحلیێ سەمەردەت[19]
ووردەکاریی تێئاخنین (حەشووکردن) یش بابەتێکی گرینگی درێژە پێدانەو بۆ زۆر مەبەست بەکار دەهێندرێت ، وەك :
ا ـ بۆ بادانەوە (استدراك) :
لاوەك کربوو برا ژ بۆ خووە
ئەی ئەز غەلەتم ـ چرا ژ بۆ خووە

ب ـ بۆ مەدح کردن :
گۆتی چ کەسی تو ـ ئەی نیکۆنام ـ
بۆچی دگری وەها ب ناکام !؟

عیبارەتەکانی (ئەی ئەز غەلەتم) و (ئەی نیکۆنام) حەشوویان پێدەلێن و یەکەمیان بۆ بادانەوەو دووەمیان بۆ مەدح کردن بەکارهاتووە .

### ٤ – ترازاندنو لکاندن (فەصلو وەصل)

لەزمانی کوردیدا قسەووشە بەهۆی ئەمرازی (ئو ، یش ، ژی ، هەم) وگەلێك ئەمرازی دیکە ، بەیەکتری دەلکێندرێن ، ئەمەش باسێکی سەربەدەستووری زمانە . لێرەدا مەبەست لە ترازاندن ئەوەیە کە دێرە شیعر (Line) یێك ، مانایێکی تەواوی هەبێتو بەدێرە شیعرەکەی دوایەوەی نەلکابێت ئەمە بەرامبەر بەدێری شیعری (end — stopped) ی ئینگلیزییە : وەك :

دەهقان تووی ئەم وەکی نهالین
ئەزمان تووی ئەم وەکی دِ لالین

ئاشکرایە کە هەردوو دێرە شیعرەکان ، لەگەل دوواوشەکانیانەوە مانایان تەواو دەبێ .

کەچی ، مەبەستمان لە لکاندن (وەصل) ئەوەیە کە مانای دێرە شیعرێك بەمانای دێرە شیعرەکەی دوایەوە لکابێت ، ئەمەش بەرامبەر بەدێرە شیعری (run — on) ی ئینگلیزیە[11] : وەك :

حاصیل کو ژ پاشی سەر خەیالان –
خاصیەتی بۆیی زولفو خالان

زینێ کو گەهاندە بەرمەشامی
صەبری مری زیندە کر بدامی

گەرهەرچووار دێرە شیعرەکان بەیەك هەناسە نەخوێندرێنەوە ماناکەیان پچر پچر دەبێت . مەبەستی شاعیریش ئەوەیە کە (زین) زولفو پەرچەمی خستە بەرلووتی (مەم) ی بێهۆشکەوتوو ، بە بۆنی داوی زولفەکانییەوە ، نێچیرە مردووەکەی زیندووکردەوە[12] . ئەگەر لەسەردەمانی کۆندا ، تەکنیکی نوختەکاری بەکار نەدەهات ئێستا بەهۆی (نوختە) و (فاریزە) و نیشانەکانی (پسیار) و (سەرسامی) (استفهام وتعجب) ئەم ئەرکە گەلێك ئاسانبووەو دەتوانرێ بە هۆی یەکێك لە نیشانەکانی باسکراوەوە ، دێرە شیعری ماناتەواو ، لە دێرە شیعری دووایەوەی بترازێندرێ ، یاخود هیچ نیشانەیەکی بۆ دانەندرێت بۆ ئەوەی بەیەك پشوو ، لەگەل دێرە شیعرەکەی دووایەوەی بخوێندرێتەوە .

## بەشی دووەم

ووردەکارییەکانی زانیاریی (بەیان) . راستییەکەی ئەم لقەی بەلاغەتو رەوانی بڕبڕەی پشتی زانیاری بەلاغەتو لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بەکاردە هێندرێو لەم ووردەکارییا نەوە پێکهاتووە :

### ١ – وێچوون (تەشبیە) :

ئەوەیە کە دووشت یان دوو مانا (واتا) ، لەگەل یەکتری بەراووردبکرێن ئەم بەراووردی کردنەش هەمیشە لەنێوانی (شتێکی نادیار) یاخود (واتاییکی توند) و (شتێکی ئاشکرا) یاخود (واتاییکی ئاسان) ەوە دەبێت بۆ ئەوەی خوێنەرو گوێگر بەهۆی شتەکەی ئاشکراوواتایە ئاسانەکەوە ، لەشتەکەی نادیارو واتایە توندەکە بگەن . وێچواندنو بەراووردی کردنیش ، چەند جۆرێکی هەیە :

**أ – وێچوونی سادە (بسیط) :**

ئەوەیە کە هەردوو سەرەکەی وێچوون ، بەهۆی یەکێك لەئەمرازەکانی وێچواندن بەراوورد بکرێن کە ئەمانەن : (وەك ، وەکی ، چەشن ، مینا ، رەنگ) سەرەرای ئەمانەش ، شاعیرانی پێشوو ، بۆ ئەم مەبەستە ، ئەمرازی (مانەند ، چون) فارسیو ئەمرازی (مثلو مثالو شوبهەتو عەین) ی یان بەکارهێناوە . وەك :

لەوراکو جیهان وەکی عرووسە
وی حوکمی ددەستی شیری رووسە

کە جیهان بەهۆی ئەمرازی (وەکی) بەبووك چووێنراوە .

یان

سەد تازە جەوان ، ژ رەنگی سەروان
دیباوو حەریرو خەز دبەروان

کە جەوانەکان (لاوەکان) بەهۆی ئەمرازی (رەنگ) لەگەل ئەمامی سەروو بەراووردکراون .

یان

ئەو هەردوو نهالی عەرعەرا شەنگ
روونشتی میسالی خونچە دلتەنگ

كـه (ستىو زينى) غەمگـين ، بەهـۆى ئـەمـرازى (ميسـال)
ـەخونچەوە تەشبيە كراون .

ب :

مانەندى گولان لباسى كەر كەم
ئاخوو خولى‌يێ ب سەرخووە وەركەم

كە (زين) بەهۆى ئەمرازى (مانەند = مـانند) ەوە ، خـۆى لەگەل گول بەراووِرد كردووە .

شايانى باسە ، كە ئەم بـابەتـە ووردەكارى‌يـە بەرامبـەر بە (Simile) ى ئينگليزى‌يە .

**ب - وێچوونى تەمسيلى .**

ئەوەيە. كە ديمەنێك ، ياخود ، چەنـد شتو سيفەتو واتـا ، بەكۆمەلو بەلێكدراوى‌و بە بێ بەكارهێنانى ئامرازى وێچوون لەگـەل ديمەنـێك ياخـود لەگەل چـەند شتو سيفـەتو واتا بەراووِرد بكرێن ، وەك :

سەحنا حەرەمێ ژ نازەنينان
جەننەت تژى‌بوو ژ حورى عينان

واتا كۆشكو سەراى (ميرزێندين) كە پڕ لە نـازدارانى شۆخو شەنگ‌بوو ، وەك بەهەشتێكى پڕ لە حۆرى‌بوو .

يان :

دلدار نەزەربكەن ژ بورجان
دوردانە ب دەركەڤن ژ دورجان

شەهزادە ژ پەنجەران نەزەركەن
گول پيرەهەنان دبەرخووە كەركەن[13]

لێرەدا ، سەرى دلداران ، بە دانە دانەى مروارى‌و بـورجى كۆشكو سەرايان ، بەگەنجينە شوبهێنـدراوە ، هەروەهـا بە دياركەوتنى سەرى شازادان ، لە پەنجەراندا ، بە پشكووتنى خونچە گولانى داناوە . لەم ميسالانەى رابردوودا ، وێچوونى تەمسيلى ئاشكرايەوە ديمەنێك لەگەل ديمەنێك بەراووِردكراوە . نەب تاكە شتێك لەگەل تاكە شتێكدا . ئـەمەش بـەرامبەر بـە (metaphor) ى ئينگليزى‌يە .

**ج : وێچوونى پێچرايەوە (مەلفووف) :**

ئەوەيە ، بێ بەكارهێنانى هيچ ئـامرازێـك چەنـد شت ، يەك لەدوواى‌يـەكەوە ، بـەريزە لەگـەل چەنـد شتى‌تر بـەراووِرد بكرێن :

وەك :

عەزراوو رەوالو بيكرو مردان
حووِرو مەلەكو پەرى ئو ولدان

(عـەزرا = عـذراء) بـە (حـۆرى) و (رەوال = كـورِى هەرزەكار) بە (فريشتە)و (بكر = كچى تازە پێ‌گەيشتوو) وبە (پەرى) و (مردان = كوڕانى موو لێ‌نەهاتوو) بە (ولدان = تازەلاو) ەكانى بەهەشت تەشبيە كراون .

**د - وێچوونى بەپێچەوانە پێچرايەوە (التشبيه الملفوف المعكوس) :**

سێڤو روتەبو ئەنارى بوستان
لێڤو زەقەنو ئەنارى پوستان

لێرەدا لەجياتى ئەوەى (لێڤو زەقەن مەمك) . لەگەل (سێڤو روتـەبو هەنـار) بەراووِردبكـرێن ، ئـەمـانـە ، بـەشێـوەى پێچراوەيى ، واتا يەك لەدواى‌يەكترداو بێ بەكارهێنانى هيـچ ئامرازێك لەگەل ئـەواندا بـەراووِردكراون ، ديـارە ، بابـەتى تەشبيهەكە بەهێزتر دەبێ .

**2 - مەجاز (= ئيستعارەى ئاشكرا)**

هەر ووشەيەك ، لەفەرهەنگى زماندا ، واتايەك يان پترى هەيە ئەگەر ووشەكە بۆ واتايەكى ديكە بەكارهێنرا ، ئەوە (مەجاز) يـان (ئيستعـارەى ئـاشـكـرا) ى پێ دەگـوتـرێ . ئـەم ووردەكارى‌يەش لەسەر بنچينەى وێكچوونى دووشت يان دوو سفـەت (يـا ، پتـر) دامـەزراوەو لە هـەردوو حـالاتـدا ، (شوبهێندراو) لەگـەل (پێ‌شوبهێنـدراو) دەبن بەيـەكو ، لە قسەكردندا ، هەر (پێ‌شوبهێندراو) ەكە ، دەگوترێ وەك :

بسكان تو ژخەمرى‌يان جوداكە
زولفان ، شە ، كە ، پێكفە بەرهەواكە

داسونبلو سۆرگول ئاشنابن
رەيحانو بنەفشە تا بتابن

(خـەمری = شـەرابی) و (سۆرگـول) ، مەجـاز ، یـاخـود ئیستعارەی (روومەتن) و (سونبل) و (بنـەفشە ) مـەجاز یـا ئیستعارەی (بسك) و (پەرچەم) ن .

3 – **ئیستعارەی مەکنی (الاستعارة المكنية) = Personification**
ئەوەیە کە بیرو واتایەکی رووت (مجرّد) ، بکریّ بەکەسێـك ، واتا (تەجسید) یا (تەشخیس) بکرێت :

ئەڤ عەیش و نشاطو شادومانی،
نادیدە ب دیدەیا زەمانی

لێـرەدا (زەمانـە) ، کە واتـایێکی رووتە ، کـراوە بـەکـەس و دووچاوی پێ بەخشراوە . یا :

شاگردی شەئامەتا ، وی شەیتان
شەرمندە ژ گۆهتنا ، وی ، بوهتان

شاعیر لێرەدا بۆ ئەوەی رادەی بەدگۆیی (بەکر) دیاربخـات ، (بوختان) کە واتاو (مەفهوومیکە) کردوویـە بەکـەسێك و وای لێکردووە ، کە لە بەدگۆیی بەکر شەرمەزاربێ و تەریق بێتەوە .

4 – **کینایەت (کنایە)** .
ئەوەیە کە بەهۆی هەندێ وشانەوە ، بر لەمانایەك بکرێت کە لە بنەرەتا وشەکان مانایە تازەکە نەدەن . جیـاوازی کینایـەت لەگەل ئیستعارەدا ئەوەیە کە هیچ پێـوەندی و ویکچـوونێك لە نێوانی واتای ئەسلی ی وشەکان و واتایە تازەکەیانەوە نیـە : وەك

ئەو گەرچی هەبوون ژیەك ب هیڤی
ئەمما نە د چوون قەوی نشیڤی

واتا ، گەرچی (مەم) و (زین) ، بەهیوای یەکتری بوون ، بەلام هەرگیز سنووری ئەدەبیان نەدەبەزاند . لێرەدا ، (نشیڤی = نشێوی) ، بۆ دەرچوون لە سنووری ئەدەب لە نێوانی پیـاوو ژندا بەکارهاتوە .
یا :

رۆژا منە عومری چوویە ئێڤار
هێژا نەبووم ئەز ژ خوە خەبەردار

(هێوارەی رۆژی عومر) ، کینایـەتە بـۆ پیر بـوون و بەسـالدا چوونی شاعرەکەمان .

گۆتی هەرە بێژە میرو ئاغان
بینەندە ڤەناکوژن چراغان

(تاجدین) پەیامبەرەکەی خۆی بۆ لای (میرزێندین) و (پیـاوە ماقوولەکـانی) وەها راسپێـری کردووە ، کـە (میری) دانـاو دووربین ، نابێ پیاوە ئازاو پالەوانەکـانی لە ناوببـات . دێرە شیعری دووەم (پیاوی بینا ، قەت چرا ناکوژێنیتەوە) ، کینایەتە بۆ مەبەستی باسکراو .

## بەشی سێیەم
## جوانکاری (ووردەکاری‌یەکانی بەدیعی)

ئەم بەشەی بەلاغەت کە (بەدیع) ی پێ دەگوترێ پێوەندی بە جوانکاری و رازاندنەوەی قسەو وشانـەوە هەیـەو دەکرێتـە دووبەش :

**یەکەم : جوانکاری‌یەکانی واتایی (المحسّنات المعنوية)**

1 – **تەورییە** :
ئـەوەیە کـە وشەیـەك دوو واتای هـەبێ یان پتـر ، بـەیتـە شیعرەکەش بەهەردوو واتاکانەوە دروست‌بێ : وەك ؛

هەرچەندە کو ظاهری، هەیم ئەز
سازندە تونی وەکی (نەیم) ئەز

ووشەی (نەیم) هـەم مـانـای نایـە (نەی) و هـەم واتای (نیم = نەبووم) هـەڵدەگرێت و بـەیتە شیعـرەکەش ، بـەهەردوو واتاکانەوە دروستە ، شایانی باسە کە شاعیری گەورە (شێخ رەزای تالەبانی) ئەم ووردەکاری‌یەی زۆر سەرکەوتووانـە بۆ مەبەستی (هەجوو) کردن بەکارهێناوە .

2 – **تباق (طباق)** :
ئەوەیە کە لە دێرە شیعریکدا ، تەنانەت لەپەخشانیشدا ، چەند ووشەی پێچەوانەی یەکتری هەبن ، وەك

یەك روونە ل نك تە کوفرو ئیمان
یەك سوونە ل نك تە خولدو نیران

ئەڤ هیجرو وسال و شاهی‌یو غەم
ئەڤ مەوت و حەیات و سوورو ماتەم

(کوفرو ئیمان) و (هیجرو وسال) و (شاهی و غەم) و (مەوت و

حـەيات) و (سـۆرو ماتـەم) . تيباقى يـەكترين . جـوانترين نموونەى ئەم جوانكـارىيە ، لاپـەڕەى يەكـەمينى (چيرۆكى دووشاران = The Tale of Two Cities) ى شاكـارى نووسـەرى بەناوبانگى ئينگليز (چارلس ديكنز) ە .

**3- بەرابەرى (موقابەلە) .**

ئەوەيە كە لە بەيتە شيعريكدا ، دوو رستە يـا (تەعبـير) ى ، پێچـەوانەى يـەكتر هـەبن ، راستىيـەكـەى ئـەم بـابـەتـە جوانكارىيە ، وەكو تيباقێكى لێكدراوە (مركّب) .

رۆژا ئەوى حوببىدا حەبيبان
هنگى ، ئەوى بوغزىدا رەقيبان

(حـوببى حەبيبـان) و (بوغـزى رەقيبان) ، مـوقابـەلە ، يـا بەرابەرى يەكترن .

**4- موراعاتى نەزير (مراعاة النظير)**

ئەوەيە كە لەبەيتە شيعريكدا ، چەند ووشەى ئـەو تۆ هـەبن كەموناسبى يەكتربن ؛ وەك :

ناقە بە قەتارو دوڕ بە قەنتار
ياقووت ب بارو زەڕ ب خەروار

ريزكردنى ووشەى (قەتار) و (قەنتار) و (بار) و (خـەروار) ، ئەم بابەتە جوانكارىيەى پێ دەگوترێ . هەروەها :

خال و نوقەت و بەيازو حومرە
بەيت و حەجەرو تەواف و عەمرە

لە هەردوو دێرە شيعرەكاندا بابەتى جوانكـارىى موراعـاتى نەزير ، بەرچاوە .

**5- لەف و نەشر (پێچانەوەو كردنەوە) .**

ئەوەيە ، كە لە دێر يان بەيتە شيعريكـدا ، چەنـد شتێك نـاو ببرێن و لە دێر يان بەيتە شيعرى دوايەوە ، بەريز وەسف بكرين يان واتايان روون بكرێتەوە :

(1) خەرگووش و غەزال و كورو ئاهوو
(2) ئەڤ قازو قولينگ و كەبك و تەيهوو

(1) كەركەر دچرين د كۆهو دەشتان
(2) رەڤ رەڤ د فرين د نێڤ بهيستان

واتا (كەروێشك و مامـزو كوورو ئـاسك) ، گـەڵ گەل لە كێـوو دەشتان دەلەوەڕان و ، (قازو قولينگ و كـەوو پۆڕ) يش ، رەو رەو ، بەسەر باخ و بيستاناندا دەفڕين .

هەروەها

دوڕندە ¹/ ، /دەوەندە/ ²/ئو پەڕندە/³
هن كوشتى/¹ / دگرتى/² ، هن ڤەگندە/³

واتـا (دوڕنـدەيـان دەكـوشت) و (دەونـدە = پێـڕوو) يـان (دەگرت) و پەڕندەيان دەپێكا) . هونەرى لەف و نەشرەكەش ، ئاشكرايە وەك نيشانم كردوون .

ئەمەش ، جۆرێكى ديكەى ئەم جوانكاريەيە :

ئەشكان نە ددانەچاڤى فورسەت(1)
ئاهان نەددا دەهانى موهلەت(2)

دا ئەڤ ب كەلامەكى خەبەر دەت(2)
يا ئەو ب مەقامەكى نەزەر دەت(1)

واتا ، فرميسـك ماوەى چـاوەكانى (زين - ى) نـەدەدا ، كە بەهيچ لايەكدا بنوارێ و ، ئاخيش ماوەى دەميان نەدەدا ، كە قسەيەك لەگەل هيچ كەسێك بكا(14) .

**6- كۆكردنەوە (جەمعكردن) :**

بۆ ئەوە بەكار دەهێندرێ كە زۆر شتان ياخود وەسفان لە ژێريەك حوكمدا كۆبكرێنەوە :

ئەڤ خال و خەت و عوزارو گولزار
ئەڤ حوسن و جەمال و باغى روخسار

بادامى سياهو چەشمى شەهلا
نارو بەهـ و سێبى شاخى بالا(15)

خۆش رەنگ و ب لەزەت و ب تامن
بێ شوبهە ل غەيرى تەحەرامن

(زين) ، هەموو شتەكانى كە لە دوو بەيتەكانى پێشەوەدا ناوى هێنـاون لەبـەيتى سێيـەمدا ، لەژێـر وەسفى (بـەلەزەت و

بەتامن) دا کۆیان دەکاتەوە جگە لە (مەم) ، لەهەموو کەسێکی کە حەرامیان دەکات .

**7 – جوداکردنەوە ـ (تەفریق)**

بۆ ئەوەیە کە دوو شت یان دوو حاڵەتی هاوبابەت لەیەکتری جودابکرێنەوە :

دەردی من و تە ، ژ یەك ب فەرقە
ئەو فەرق ژ غەربێ تا ، ب شەرقە

مەشرق تووی ئاگری تە زاهر
مەغرب ئەزو باتنی من ئاگر

(زین) ، دەردی دڵداری خۆی لەگەڵ دەردی (مۆم) ، بەراوورد دەکات ، کە هەردوانیان بەهەمان ئاگرەوە دەسووتێن ، بەڵام جیاوازییان لەمەدایە ، ئاگری مۆمەکە ئاشکرایەو بەسەر سەریەوە دیارە ، کەچی ئاگری نێو هەناوی (زین) ی پەنهانەو ریشەی دڵ و گیانی دەسووتێنێ .

**8 – کۆکردنەوەو جوداکردنەوە : (جەمعو تەفریق)** .

ئەی بلبل ئەگەر تو ئەهلی حالی
پەروانەیی شەمعی وەردی نالی

زینامە ژ سۆرگولا تە ، گەشتر
بەختێ مە ژ تالعی تە رەشتر

لەبەیتییەکەمدا ، (زین) ، هەوالی خۆی لەگەڵ هەوالی (بلبل) کۆ دەکاتەوە ، یا بەرابەر دەکات ، کەچی لەبەیتی دووەمدا ، لەیەکتریان جودا دەکاتەوە .

هەم شیرەوو هەم جەناح و هەم سەر
هەم بەیزە هەم ئاشیان و هەم پەڕ

وەی تەبع ب تەبعی من موتابق
ئیلا کو ب بەخت ناموافق

لە سێ دێڕ (میسراع) ە شیعرەکانی پێشەوەدا ، (زین) ، خۆی لەگەڵ (ستی) ی خوشکی کۆ دەکاتەوە ، لەدێڕی چوارەمدا ، خۆی لەگەڵیا جودا دەکاتەوە .

**9 – موبالەغە کردن :**

ئەمەش واتای ئاشکرایەو دوو جۆری هەیە :

**ا ـ ئیغراق (إغراق)** :

ئەمەیەکە موبالەغە کردنەکە ، شیاو بێت و پێچەوانەی مەنتیق نەبێ ، بەڵام روودانی ئێجگار دووربێ ، وەك ئەم وەسفەی (میرزێندین) :

موحتاجی سەخاوەتا وی حاتەم
مەغلوبی شەجاعەتا وی رۆستەم

**ب : غلوو** :

ئەوەیە کە موبالەغەکە لە ئەندازە بەدەر بێت و روودانی موستەحیل بێ ، وەك ئەم وەسفکردنەی (ستی و زین) ێ :

ئەڤ هەردوو وەکی دوو شەب چراغان
گاڤا د مەشینە باغ و راغان

نالان دکرن جەمادو حەیوان
تالان دکرن نەبات و ئینسان

یاخود لەوەسفی ناو قەدی باریکیانەوە :

قەتعەن ژ مەخافەتا شکستن
قەت لێ کەمەرەك نەهاتە بەستن

**10 – ئاوڕدانەوە (إلتفات)** .

ئەوەیەکەقسە لەبارێکەوە بخرێتە سەربارێکی دی : وەك :

« رۆژا منە عومری چوویە ئێڤار
هێژا نەبووم ئەز ژ خوە خەبەردار

زینا هەوەسا دلی هەوایی
من دابتە ناڤە خوە عەبایی »

میرهات و ل سەر وی هندە عەسکەر
زوڕناوو نەفیروکووس و مهتەر

(خانی) لە دوو بەیتەکانی پێشەوەدا ، لەبارەی خۆیەوە قسەدەکات ، کەچی لەپڕێکا ، دەگەڕێتەوە سەر گێڕانەوەی داستانەکە .

**11 – پاش و پێش خستن (الطرد والعکس)** .

ئەوەیە ، کە لەدێڕ یا بەیتە شعرێکدا ، چەند ووشەیەك پاش و پێش بکرێنەوە :

ئەو جەوهەری تاج و تاجی جەوهەر
ئەو ئەفسەری زیب و زیبی ئەفسەر

١٢ – **خۆ لێنەناس کردن (تجاهل العارف)** : وەك :

کە (زین) ، لە نێو باخی میردا روو بە رووی (مەم) دێ ، بە چاوەکانی خۆی بڕواناکات :

گۆ ئەڤ خەوە ! یانەخود ، خەیالە !
ئەڤ خەونە سەحیحە یا بتالە !؟

١٣ – **گێڕانەوەی (عجز) بۆ سەر (صدر)** ، واتا لەبەیتە شعریکدا ، یەکەمین ووشەی لەپایانی بەیتە شعرەکەشدا دووبارە بکرێتەوە[٥] :

جەبباری فەلەك ژ وی حەزەرکار
مەسلول ژ سەللی سەیفی جەببار

یا :

(جانان) تەلەبن هنەك ژ بۆ (جان)
هن (جان) تەلەبن ژ بۆی (جانان)

لێرەدا وەك ئاشکرایە دوو بابەت لەم ووردەکاری‌یەی تیا هەیە .

١٤ – **وێنە هێنانەوە (إرسال المثل)** : وەك

شاهی : نەزەراتە کیمیایە
ماهی : ئەسەراتە پڕ زیایە .

**دووەم : جوانکاریەکانی درکاندن (المحسّنات اللفظية)** .

لێرەدا ئەوە دەخەینە روو ، کە هەندی نووسەر ، بەلاغەت و ئەم بابەتە جوانکاری‌یە بەیەك دەزانن ، کەچی وەك نیشانماندا وە ، ئەمە ، واتا ، (المحسّنات اللفظية) ، بەشێکە لەزانیاری‌ی جوانکاری (بەدیع) کە ئەمیش لقێکی زانیاری بەلاغەت و رەوانی‌یە . ئەم بابەتە جوانکاری‌یەش زۆر جۆری هەیە :

١ – **جیناس** :

ئەمەیە کە دوو وشە ، لە درکاندن و نوسیندا ، وەك یەك بن بەلام واتایان جیاوازبێ . لەبەر ئەوەی کە نووسینی ووشەکانی مەبەست بەرێنووسی تازە ، ئەم جوانکاری‌یە دەشارێتەوە ، وەهام چاکتر زانی ، کە ووشەکان بەرێنووسی کۆن بنووسمەوە .

(جیناس) یش زۆر وێنەی هەیە ، وەك :

أ – **جیناسی تەواو (الجناس التام)** :

ئەوەیە کە دوو وشە ، شێوەی درکاندن و پیتەکانیان وەك یەك بن ، کەچی واتایان یەك نەبێ : وەك ؛

بێ نەقشی تە ، نەقشی خامە ، خامە
بێ نامی تە نامە ناتەمامە

یا :

سەر سەبزە دبت ژ بەرگ و باران
گەر لێ بوەرت ژ فەیزی باران

یا :

دلهای کەسان دروونی (تنها)[٦]
ئینسافە تەنێ بهێلی (تنها) ؟

(خامە) ی یەکەم ، واتای (قەلەم) و هی دووەم واتای (خاوە) . (باران) ی یەکەم ، کۆی (بار = بەر) ی درەختەو ، هی دووەم بارانە . (تنها) ی یەکەم واتای (تەنها = تەنیا) یەو ، هی دووەم کۆی (تەن) ەو ، واتای (لەش) ە .

ب : **جیناسی ناتەواو (الجناس الناقص)** .

ئەوەیە ، کە دوو وشە ، پیتەکانیان وەك یەك بن ، بەلام شێوەی درکاندنی یەکەمین پیتیان جیاوازبێ ؛ وەك :

خاسما دڤی عەسرەدا کو (همیان)
مەعشوق و حەبیبە بۆ مە (هەمیان)

(همیان) ، واتای ، کیسەی پارەی لە هەمانە دروست کراوەو (هەمیان) یش واتای (هەموو ؛ هەموویان) ە .

ج : **جیناسی لێکدراو (الجناس المركّب)** :

ئەوەیە کە درکاندنی ووشەکان وەك یەکبن ، بەلام ، یەکێك لە دوو وشەکان ، لەبنەڕەتا ، لە دوو وشە ، یا لە وشەیەك و ئامرازێك دروست بووبێت ؛ وەك :

شاهەنشی تەختەکەی (مەدینە)
موعجز ژ تە ئەو قەدەر (مە ، دینە)

یا :

سەر سال و خوشی ژ دەست ب دەر ، دان
عەیشی خوە بە دەلکرن ب (دەردان)

یا :

(پەروا) نە دکر ب ئاتەشی غەم
(پەروانە) دکر ژ بۆخوە هەمدەم

یا :
ئاشێد (مە ، زالمان) دگێڕن
دەخلێد (مە زالمان) دهێڕن

لەبەیتی یەکەمدا ، (مە ، دینە) ، واتا ئیمە دیتوومانە . لە هی دوەمـــدا (ب دەر ، دان) واتـا لەدەست خـۆیـــاندا . لەهی سێیەمدا ، (پەروا ، نەدکر) واتا باکی نەبوو . لام وایە واتای بەیتەکان و جۆری جیناسەکان ، ئاشکران .

**د ـ جیناسی موکەڕەر (مکرّر)[*]** :
ئەوەیە کە دوو وشە بەدوای‌یەکەوەبن ، بەلام وشەی یەکـەم یەك یا دوو پیتی پێشەوەی ، لە وشەی دووەم پتربێت : وەك :
یەك سەروی ریازی راستی‌بوو
وی ، نالی ، (براستی) (ستی) بوو

یا :
یارەببی ب نالی چالی بلبل
یارەب ب (خنالی) (نالی) سۆرگول
ووشـەی (بـراستی و ستی) و (خناف = خـونـاو و نـاف)
جیناسیان موکەڕەرە .

**هـ : جیناسی بەزیادی (جناس الزیادە)[*]** :
ئـەوەیە کـە دوو وشە بـەدوای یەکـەوەبن ، ئەوی دوەمیـان پیتەکەی دوایی لە ئەمی پێشتری ، پتر بێت وەك :
ئاساری شەجاعەتا وی شاهی
داگرتی ژ (ماە) تا ب (ماهی)

**و ـ جیناسی موتەڕەف[*]** :
ئەوەیە کە دوو وشە ، جگە لە پیتەکەی دوایی‌یان ؛ ئەوانیتریان وەك‌یەك‌بن :
(نقاش) ی سەحیفەیی حیکایەت
(نقاد) ی سەبیکەیی روایەت
(نەقاش) و (نەقاد) ، جیناسیان موتەڕەفە

**ز ـ جیناسی ئیشتقاق** :
ئەوەیە کە دوو وشە ، لەوە بکەن کە لەیەك ریشەوە داهاتووبن ، کە چی لە بنەڕەتا لەریشە (جذر) ی جیاوازە دروست بـووبن

وەك :
دەست بەستی ل پێشقە پیشەکاران
دوڕین کەمەرو گوهەر گوهاران
هەردوو وشەی (گوهەر) و (گوهارە) ، لەوە دەکەن کە لەیەك ریشەوە دروست بووبن ، کەچی یەکەمیان بەردێکی بەنرخە کە نـاوی (گەوهـەرە) و هی دووەم لەووشەی (گـوهـ = گوێ) دروست‌بوەو . بەکرمانجی خواروو پێ دەگوتریت (گوارە) کە ئافرەت لە گوێچکەی دەکات .

**ح : جیناسی پیتان (جناس الاحرف)** :
ئەوەیە کە چەند ووشە بەدوای، یەکەوەبن ، پیتی پێشەوەیان وەکو یەکتر بێت . ئەم بابەتە جیناسە لە زمانی ئینگلیـزیدا ، (alliteration) ی پێ دەڵێن و تاکو ئێستاش زۆر بەکارەهێندرێت .
کاکوالیی مولك و مال و میللەت
وەکحامیی دادو دین و دەولەت

یا :
دینداری‌ئو دەولەت و دیانەت
سەرداری‌ئو (صەولەت) و (صیانەت) .

**2 ـ سەجەع** .
ئەگەرچی ئەم جوانکاری‌یە تایبەتی پەخشان (نثر) ە ، بەلام جاری واهەیە ، لە شعریشـدا ، بەکـاردەهێندریت . واتـاشی ئەمەیە ، کە بەیتە شعـرێك بکـرێت بەچـەند بـەش و هەمـوو بەشەکان ، پیتی دواوەیان هاوقافیەبن : وەك :
بێ‌دەنگ ، ژغەوری دل ب ئاهەنگ
سەد رەنگ ، سەدا بدەم وەکی چەنگ
یا :
سەد تازە جەوان ، ژ رەنگی سەروان
دیباوو حەریرو خەز د بەروان

**3 ـ إزدواج** :
ئەوەیە کە لە دێڕیا بەیتـە شعرێکـدا ، چەنـد ووشە بـەدوای یەکەوە بن و هەموویان هاو قافیەبن ؛ وەك ؛
ئەسحابی نگین ، بیژە کینە !؟
جنینە ! پەرینە ! ئادەمینە !؟

**4– تەسحیف (تصحیف)** :

ـەوەیە کە شێوەی نووسینی دوو وشان ، لەیەك بكات بـەڵام
ژمارە ، یا ، شوێنی نوختەکانیان جیاوازبێ ؛ وەك :

ـجدین فکری ، کو بەزمە ، بۆشە
ـر زەوق و سەفاوو عەیش و نۆشە

ـێ :

بەلکی ب نەسیحەت و ب پەندان
یەکجار دکەتە بەلاوو بەندان

یا :

نالان دکرن جەمادو حەیوان
تالان دکرن نەبات و ئینسان

دیارە کە ووشەکانی (بۆشەو نۆشە) و (پەندان ، بـەندان) و (نالان ، تالان) تەسحیفی یەکترن .

**5– گەوهەرچنی (ترصیع)** :

ئەوەیە کە هەموو ووشەکانی بەرامبەر بەیەکتر ، لەدوو دێڕە شعردا ، هاوکێش و هاوقافیەبن ، وەك :

ئەو ئاهووی[1] / سە یدەگاهی[2]/ وەحشەت[3]
وی بانووی[1] بارەگاهی[2]ئولفەت[3]

یا :

ئەی[1] شاعری[2] ساغرو[3] نگوونسەر[4]
وەی[1] ساحری[2] ساخرۆ[3] فسوونگەر[4]

**6– هەڵگێرانەوەی تەواو : (مقلوب الکل)** :

ئەوەیە کە لەدێڕیان بەیتە شعرێکدا ، دووووشەی ئەوتۆهەبن ، هەرکامەیان بەرەواژ خوێندرایەوە ، ئەویتری لێ پـەیدا ببێت : وەك ،

یەك زێدە شرین و زیادە مەحبووب
یەك (روح) ی قلووب و (حور) ی مەقلووب

ئاشکرایە کە ووشەی (حور) و (روح) . هەرکامەیان لەدواوە بۆ پێشەوە بخوێنرێتەوە . ئەویتریانی لێ دێتە دی .

**7– تەلمیع** :

ئەوەیە کە بەیتە شعرێك ، هەردێڕێکی بەزمانێکەوە بێ : وەك

زینێ وەها گۆتە وی بەدیهی
(قم یاجسدا نفختُ فیه)

یا ئەم تەلمیعە تورکی یە :

ئیدی چە بێژم ئەز نزانم
(بلمز کە نەسویلەیە) زوبانم

گەر پارچە هەلبەستێك ، بەدووزمان ، یان پتر ، رێکخرا ، ناوی هەلبەستەکە دەبێتە مولەممە ع (ملمّع) .

**8– قافیەی توند یاخود (إعنات = لزوم مالایُلزم)**

قافیەی ساکاری ئەوەیە ، کە دوو وشە یان پتری هـاو قافیـە پـایانیـان وەکو یـەك بە پیتێکی نـەبزێـو کە پێی دەگـوترێ (رەوا = روی) و پیتێکی بزێوەوە بێت یاخود پایـانیان بـە پیتێکی بـزێوویـەکێکی نەبـزیوەوە بێت . ئـەگەر هـاتـوو لەم پیتانەیان پتر وەکو یەك بوو ، ئەوا بابەتی قافیەکە ، توند ، یا مەحکەم دەبێ . وەك :

ئیرۆهە ژ بۆمەرا دوو چەندان
دیسان تو و سابە شادو خەندان

یا :

ناگاه سەحەری ژ رۆژی، حەشتێ
ریزوان مەشی یا د نێڤ بحەشتێ

ئاشکرایە کە ووشەکانی (چـەندان و خـەندان) و (حـەشتێ و بحەشتێ) قافیەیان ئێجگار توندو مەحکەمە . راستی یەکەی ، بەشی زۆری قافیەی بەیتـەکانی (مـەم وزین) لەم بابـەتەن ، تەنانەت لە بەیتە شعرەکانی نێو ئەم ووتارە ، کە بۆ مەبەستی دیکە کردوومانن بەوێنە ، ئەم بابەتە قافیە بەرچاوە .

**9– سەربەند (مەتلەع ـ مطلع) ی جووت قافیە** :

ئەوەیە کە سەرەتای هەلبەست ، بە بـەیتە شعـرێکی ئەوتـۆ دەست پێ بکات کە هەر دوو دێڕەکانی ، جووتێك ووشەی هاو قـافیـەیـان بەرامبـەر بەیـەکترەوە هـەبێ . وەك بەیتەکەی سەربەندی ، بەندی (31) ی مەم وزین .

مەم ژی ژ خەیالی رووی دلدار
یەعنی کو ژ ئارەزووی دیدار

هـەردوو وشـەی (رووی دلدار) لە دێـڕی یەکـەمدا ، لەگـەل هـەردوو وشـەی (ئـارەزووی دیدار) لەدێـڕی دوەمدا ، هـاو قافیەن . هەروەها ئەم بەیتە شعرەش جووت قافیەیە :

میری مە ئەگەر چی دوور بینە
ئیرۆ وی د چاڤی نوور نینە

**10 – تەلمیح :**
ئەوەیە کە لەبەیتە شعریکدا ، ئایەتێکی قورئانی پیرۆز ، یا بەیتە شعرێکی بەناوبانگ ، یا داستان و سەر بوردەیەك دەستنیشان بکرێت وەك :

ئەم عاشق ئەگەرچی مەی پەرستن
ئەما ژ مەیا (ألستُ) مەستن

لەم بەیتەدا ، ئایەتی ژمارە (172) ی سوورەتی (ئەعراف) دەستنیشان کراوە ، کە سۆفیەکان (ئایەتی پەیمان) ی پێ دەڵێن .

یا :

مەیخۆر کە (مەلا) ن ب غەنج و نازان
(شێخان) بشەهینە بەر بەرازان[21]

کە داستانی دڵداری ی (مەلای جەزیری) و (شێخی سەنعان) دەستنیشان دەکات

**11 – گفت و گۆ کردن .**
مەم و زین ، زۆری لەم بابەتە ووردەکاری یە تیایە و ، ئەمەش وێنەیەکی ،

پیرێ و هەگۆتە شێخی رەممال[22]
« من شوبهە نما د کەشفی ئەحوالی

لێکن تو بیژە ئەو چە ئەسلن !
قنج کەشفی بکە کو ئەو چە ئەسلن !

بەگزادە نەئەو عالی مەقامن !؟
جوندی نەسەبن وەیا عەوامن !؟

شێخ گۆ ، کو : (ددینی عشقبازی
بەیعەك هەیە ، ئەو دبین تەرازی

بێ شەرتی کەفائەتێ رەوایە
شەرتی موتەعاقدان ریزایە »

**12 – سەربەندی جوان و دوابەندی جوان :**
**ا – سەربەندی جوان (حوسنی مەتلەع) :**
ئەوەیە کە پارچە شیعرێك ، بەبەیتێکی جوانەوە دەست پێبکات و چەند ووردەکاریەکی بەلاغەتی تیادا بەکار بهێندرێت بۆ ئەوەی پێشەکی ، ئینتباعێکی جوان بەخوێنەر یا گوێگر بدات . (خانی) لەبەشی زۆری سەربەندی بەشەکانی (مەم و زین) ئەم جوانکاری یەی بەکارهێناوە ؛ وەك سەربەندی ، بەندی بیست وچوار :

دامانی عرووسی پاکی گەردوون
داماد کوکر ب مێهری گولگوون

لەم بەیتەدا ، جگە لە ووردەکاری (ئیستعارە) ، هەردوو وشەکانی (دامان) و (داماد = زاوا) ، جیناسیان موتەرەفە .
یا ، بەندی (31) کە بەم بەیتە شیعرەی جووت قافیەوە دەستی پێکردوە :

مەم ژی ژ خەیالی رووی دلدار
یەعنی کو ژ ئارەزووی دیدار

یا ، بەندی (30) ، کە بەم جیناسە لێکدراوەوە دەست پێدەکات :

پەروا ، نە دکر ب ئاتەشی غەم
پەروانە ، دکر ژ بۆ خوە هەمدەم

**ب – دوا بەندی جوان (حوسنی مەقتەع) :**
ئەوەیە کە پارچە شعرێك ، پایانی بە ، بەیتێك یا چەند بەیتە شعری ئەوتۆوە بێت کە ئینتباعێکی جوان و خۆش لە دڵ و گیانی خوێنەر و گوێگردا بەجێ بهێڵێ :
(خانی) دیسان ، بەشی زۆری بەندەکانی (مەم و زین) ی بەم جوانکاری یەوە دوایی هێناوە ؛ وەك دوایی هێنانی بەندی سی و هەشت ، بەم بەیتە تەلمیعەی تورکی یەوە :

ئێدی چە بیژم ئەزنزانم
(بلمز کە ئەسویلەیە) زوبانم

یا دوایی هێنانی بەندی (39) ، بەم بەیتە شعرەوە :

ساقی ئو شەراب و شەمع ، خوەستن
دیوانەکی حاکمانە بەستن

لە ریزکردنی ووشەکانی (ساقی و شەراب و شەمع) بەدوای یەکدا ، ووردەکاری (موراعاتی نەزیر) ی بەکارهێناوە ، سەررای ئەوەی کە هەردوو وشەی (خوەستن) و (بەستن) ، بابەتی قافیەکانیان توندو مەحکەمە .
یا ، پایانی داستانی (مەم وزین) ی بەم بەیتەوە هێناوە :

ـەووەل کو تەدا ژ عیشق مەتلەع
ـخر بدە وی تو حوسنی مەقتەع
ـەتیایدا ، زۆر هونەرمەندانە ، زاراوی (حوسنی مەقتەع) ی
ـە شوێنی پێویستداو ، وەکو (تەوریە)یەك بەکارهێناوەو دوو
و تایان هەڵدەگرێت :
یەکەم ئەوەیە ، کە لە (خوا) ی گەورە دەپاڕێتەوە ، توانای
ئەوەی پێبدات بەدوا بەندێکی جوانەوە پایان بەداستانەکەی
بهێنێت .
واتای دوەم ـ کە لێرەدا شاعر مەبەستیەتی ـ ئەوەیە کە ، چۆن
(خودا) ، سەرەتای ژیانی (خانی) ی بەخۆشەویستی ی
خۆیەوە رازاندوتەوە ، ئەوەهاش ، هیوادارە ، کە سەرەنجامی
ژیانیشی بەکرداری چاكو باوەڕی ی چاکەوە بهێنێتەوە .

* *

ئیتر ، پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنم ، ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ئەم لایەنەی مەموزینی (خانی) پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵترو فراوانترەوە هەیەو پێویستە بەچەندان کتێبو نامەی لەبارەیەوە بنووسرێت . هەروەها ، ئەو بەیتە شیعرانەی کە لەم باسەدا کردوومن بەوێنەی ووردەکارییەکانی بەلاغەت ، بۆی هەیە کە خوێنەری پێوە رازی نەبێتو بتوانێ هەم وێنەی جوانتریان بۆ لە (مەم زین) دا بدۆزێتەوەو هەم نموونەی تری ووردەکارییەکانی بەلاغەت دەستنیشان بکات .
مەبەستی سەرەکیشم لەم باسەدا ئەوەیە ، کە خوێنەری (مەموزین) هەروا بە سادەیی ئەم شاکارە نەخوێنێتەوەو ، تەنیا رووداوەکانو سەربوردە ی ئەڤینی دلدارو دلبەرەکەی لەلا مەبەست نەبێتو بەس . بەڵکو ، دەبێ شارەزای ئەو فۆرمە نازدارو بێوێنەیە ببێت کە داستانەکەی تیادا هۆنراوەتەوە . راستییەکەی ، هەربەیتە شعرێکی سەدەفێکی مرواریە . ئەم بەرگو پۆشاکە شیرینو جوانەش ، روخسارو دیمەنی داستانەکەی سەد ئەوەندەیتر دلگیر کردووە .
(خانی) ، زۆری لامەبەستبوە ، کە (مەموزین) بکات بەکتێبی نەتەوەیی کورد ، بۆیێکە گەلێك رەنجی داوە کە لە جوانترین قالبدا دایبرێژێتو بەرامبەر بەشاکارەکانی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دراوسێ رابگرێت ، هەر بۆیێکەش ، لەدیباچەی (مەم وزین) دا ، دەفەرموێ :

ئەلفازو مەعانی یو عیبارات
ئینشائو مەبانی یو ئیشارات

مەوزووعو مەقاسدو حکایەت
مەرموزو مەناقبو درایەت

ئسلووبو سفاتو مەعناو لەفز
ئەسلەن نەکرن ، مە ، یەك ، ژ وان قەرز
راستیشی فەرموە . ناوەرۆكو شێوازو دارشتنو رازاندنەوەی شاکارەکەی نە لە هیچ شاعرێکی کوردی خواستوتەوەو نە لەهیچ شاعیرێکی دراوسیێ،لەسەر تا پایانی چۆراوکەی بەهرەی رەوانی خۆیەتی . تەنانەت هەر بەیتە شعرێکی مۆرێکی ئەوتۆی شاعرەکەمانی پێوەوە هەیە ، کە لە نێو هەزار بەیتە شعراندا بناسرێتەوە .

## پەراوێزەکان

1 — ئەم ووتارە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەك کە لە ساڵی 1972 دا لە بارەی مەموزینی (خانی) م نووسیوە .
2 — البلاغة تطور وتاريخ : ص 30 الدكتور شوقي ضيف .
3 — ارسطاليس : في الشعر ص 56 — 64 ترجمة الدكتور عبدالرحمن بدوی . هەروەها (الخطابة) ص 181 تحقيق الدكتور بدوي .
4 — جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع : ص7 (بەدواوە) السيد احمد الهاشمي بك .
5 — جواهر البلاغة ص 41
6 — جواهر البلاغة ص 245 . الحاشية : 3
7 — تاريخ الادب في ايران من الفردوسي الى السعدى : ادوارد گرانفيل براون ترجمة الدكتور ابراهيم امين الشواربي : ص 31 , 63 , 95 .
8 — هەمان سەرچاوە : ص 63 — 95
9 — یەکەم (هیندە) (وانە) = هیندە ئەوانە . (هیندووانە = شووتی . جیناسیشیان مورەککەبە .
10 — شایانی باسە کە فیردەوسی (لە 1025 زایندا مردووە) . لە شانامەیدا هەجووی سولتان مەحموودی غەزنەوی کردووەو لەبارەی بەد سروشتی ی ئەم شایە گوتوویە :

درەختی کە تلخ استو ویرا سرشت

گرش برنشانی بباغ بهشت
ور از جوی خلدش بهنگام آب
ببیخ انگبین ریزیو شهد ناب
سرانجام گوهر بکار آورد
همان میوه تلخ بار آورد

منتخب شهنامه : مقدمة محمد علی فروغی : ل 8

11 ـ An Introduction to Poetry : Jacob Korg P. 25 — 28

12 — لێرەدا بەزاراوەی شاعیرانی کۆنمان ، ئاسکی یاخود (لەتافەت) یێکی جوان هەیە چونکە نێچیر بەداو دەگیرێتو دەکوژرێت کە چی بەپێچەوانە (مەم) ی پێ زیندوو بوتەوە .

13 — پیرەهەن = کراس (فارسی‌یە) . کەر : کەرت

14 — ئەوە سرنج رادەکێشێ کە ئەم بابەتە جوانکاری‌یە ، لای شاعیرە گەورەکانی کۆنو تازە ، چ لە رۆژهەڵاتو چ لە رۆژ ئاوادا ، هەمیشە پەسند بوومو هەریەکە ، بەجۆرێك ، بەکاری هێناومو ، بۆ وێنە ئەم چەند نموونەیە دەخەمە بەرچاوی خوێنەر :

فیردەوسی لە (شهنامە) دا ، بەم جۆرە بەکاری هێناوە :

بروز نبرد آن یل ارجمند
بشمشیرو خنجر بگرزو کمند
بریدو دریدو شکستو ببست
یلانرا سرو سینەو پاو دست

واتا ئەو پاڵەوانە ، لە رۆژی جەنگدا ، پاڵەوانەکانی دوژمنی (بە شیر سەر دەبرین) و (بەخەنجەر سینەی دەدرین) و بە (گورز پای دەشکاندن) و بە (کەمەند دەستیانی دەبەست) .

شەکسپیر ، لەشانۆگەری‌ی (ئەنتونی‌و کلیۆ پاترە) یدا
(Act Tnird, Scene II)
بەم جۆرەی هێناومەتەوە :

Ho ! hearts, tongues, figures, scribes,
1 2 3 4
bards, Poets, can not .
5 6
Think , speak , cast , write, singe, number
1 2 3 4 5 6

His Love to Antony , but As for Caesar ,
, kneel down , and wonder , Both he loves .

واتا ئەوەندە (ئەنتۆنی) ی خۆش دەویست کە دڵ نەتوانی بیری لێبکاتەوە (hearts can not think) و زمان نەتوانێ بیڵێ (Tongues cannot speak) ژمارە نەتوانێ بیژمێرێت (Figures Cannot cast) .... شاعیری گەورەش (ئەحمەد شەوقی) ، لە (قەسیدە) ی (سلوالقبی) دا هەمان جوانکاری‌ی بەم چەشنە نیشانداوە .

ولی بین الضلوع دمٌ ولحمٌ
هما الواهي الذي ثكل الشبابا
(1) تسرب في الدموع ، فقلت ولّى
(2) وصفق في الضلوع فقلت ثابا

واتا : (تسرب الدم في الدموع) و (صفق اللحم ( = القلب) في الضلوع (گۆران)یش ، لە هەڵبەستی (دیاری‌ی خوای شەڕ) دا بۆ هەمان مەبەست دەڵێ :

پەلاماردە ، دەستو برد کە
بگرە ، ببڕە بدڕە ، ووردکە

قەلا ، تەلبەن ، شوورە ، سەنگەر
حەیوان ، ئینسان ، شاری ، عەسکەر ...

واتا : پەلاماردەو (قەلابگرە) و (تەلبەندببڕە) و (شوورە بدڕە) و (سەنگەر ووردکە) (نووسەر)

15 — سیب = سێو ، شاخ = لق = بەژنی (زین) ێ

16 — تاریخ الادب في ایران :ص(75) : کە چی لە (جواهر البلاغە ـ ص 391) دا ئەم بابەتە ووردەکاری‌یە بە (تشابە الاطراف) یش ناونراوە .

ئەم بەیتە ووردەکاری گەوهەرچنی (تەرصیع) یشی تێداهەیە .

17 — درووني : دەرفێنی .

18 — تاریخ الادب في ایران ص 66 کەچی لە (جواهر البلاغە ، ص 399ـ400) دا ، ناوی نراوە جینانسی موتەڕەف (مطرف) .

19 — تاریخ الادب في ایران ، ص 66 ، کەچی لە (جواهر البلاغە ، ص 400) دا ناوی نراوە جینانسی موزەییەل (مذیل) .

20 — (تاریخ الادب في ایران ، ص ـ 66) کە چی لە (جواهر البلاغە ، ص ـ 400) دا ناوی ئەم جۆرە جینانسە موزاریعە (مضارع)

21 — بشەهینە = بنێرە

22 — پیرێ : پیرێژن . پیتی بزێوی (ئێ) ، بۆ (مێبینە) بەکاردێت .

## سەرچاوەکان

بۆ نووسینی ئەم باسە سوود لەم سەرچاوانە بینراوە .


1 — مەمو زین ئەحمەدي خاني
2 — جواهر البلاغة السید احمد الهاشمي بك
3 — تاریخ الادب في ایران . ادوارد گرانفیل براون : تعریب الدکتور ابراهیم امین الشواربي
4 — البلاغة تطور وتاریخ الدکتور شوقي ضیف
5 — في الشعر : ارسطالیس : تعریب الدکتور عبدالرحمن بدوی
6 — في الخطابة = (الترجمة العربیة القدیمة) تحقیق الدکتور عبدالرحمن بدوي
7 — توضیح العروض امیل جورج عبید
8 — AN INTRODUCTION TO POETRy : Jacob korg
9 — A HAND B OOK FOR THE STUDY OF POETRY : Lynn Alterbernd and Leslie L. Lewis


زۆرسەرچاوەي دیکە ، وەك لەپەراوێزەکاندا دیارن